

# ژیاننامەی خالید حوسێنی

## رۆماننوسی ئەفغانی

ئا: ئایدیا

خالید حوسێنی لە (٤ مارسی ١٩٦٥ زایینی) لە باوک و دایکێکی هەراتی کە دانیشتووی کابول بوون، هاتووەتە دنیاوە و هەر لەوێش پەروەردە بووە. باوکی وەکو دیپلۆماتێ لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەفغانستان کاری کردووە و دایکی مامۆستای زمانی فارسی و مێژوو بووە لە یەکێک لە قوتابخانە گەورەکانی ئامادەیی کابول.

لە ساڵی (١٩٧٦) ئەوکاتەی کە باوکی خالید حوسێنی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەفغانستانەوە نێردرا بۆ فەرەنسا، ئەویش لەگەڵ خێزانەکەیدا چوو بۆ پاریس، بەڵام لە دوای کودەتای خوێناویی کۆمۆنیستی لە ئەفغانستان و هێرشی لەشکری سوری سۆڤیەت بۆ ئەم وڵاتە، باوکی خالید حوسێنیش لە ساڵی ١٩٨٠ لە باڵیۆزخانەی ئەفغانستان لادرا، هەربۆیە حێزانی حوسێنی بوونە پەنابەری سیاسی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە (سن هوزە) کە سێیەمین شاری گەورەی ویلایەتی کاڵیفۆرنیایە، نیشتەجێ بوون.

حوسێنی لە ساڵی ١٩٨٤ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوکرد، پاشان لە زانکۆی (( سانتا کلارا(santa clara) )) ناوی خۆی نۆمار کرد و لە ساڵی ١٩٨٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی ژینگەناسی بەدەستهێنا. ساڵی دواتریش چووە زانکۆی پزیشکیی شاری «سان دیگۆ» لە کالیفۆرنیا.(the university of California- san degos shool of medicine) ئەو شوێنەی کە لەساڵی ١٩٩٣دا بڕوانامەی پزیشکیی لێوەرگرت. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ و ٢٠٠٤، خولی جێبەجێکردنی لە بواری پزیشکیی ناو نەخۆشخانەکان (cedars-sinai) لە شاری لۆس ئەنجلس تەواوکرد. خالید حوسێنی، لەمانگی مارسی (٢٠٠١) دا، ئەوکاتەی کە هێشتا لە خولی جێبەجێکردندا بوو، دەستیکرد بە نووسینی یەکەمین ڕۆمانی خۆی بە ناونیشانی (کۆلارە باز). ئەم ڕۆمانە کە لەساڵی ٢٠٠٣ دا بڵاوکرایەوە، بوو بە یەکێک لە پڕ فرۆشترین کتێبەکانی جیهان و وەکو سێیەمین کتێبی پڕ فرۆشتنی هەمان ساڵ ناسێنراو لە ٤٨ وڵاتی جیهان چاپکرا. بەمجۆرە سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ ئەدەبیاتی ئەفغانستان لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا بەدیهێنا.

لە ساڵی (٢٠٠٦) دا حوسێنی، لەلایەن ئاژانسی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)ەوە وەکو (سەفیری چاکەخواز) ناوبرا، پاشان بە هاوکاریی ئەم ئاژانسە سەفەرێکی بۆ ئەفغانستان کرد. ئەم سەفەرە بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کۆمەک گەیاندنی بۆ ئەفغانەکان لەلا دروستکرد، هەربۆیە لەساڵی (٢٠٠٧)دا بۆ بەخشینی کۆمەکی مرۆڤدۆستانە ((دامەزراوەی خالید حوسێنی)) ی لە ئەفغانستان دامەزراند.

لە هەمان ساڵدا ڕۆمانی دووەمی خالید حوسێنی، لە ژێر ناونیشانی (( هەزار خۆری درەوشاوە)) چاپکرا. کە لە (٤٠) وڵات چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

خالید حوسێنی هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی دوو منداڵە ( کوڕێک و کچێک بە ناوەکانی حارس و فەرەج) و ئێستاکەش لەگەڵ خێزانەکەیدا لە باکووری کالیفۆرنیا دەژی.

**بەرهەمەکانی:**

کۆلارە باز (the kite Runner) یەکەمین ڕۆمانی خالید حوسێنی یە بە زمانی ئینگلیزی، ئەگەرچی ئەو دەڵێت لەڕابردوودا هەندێک چیرۆکی بە فارسی، زمانی دایکیشی نوسیوە.

ئەم ڕۆمانە بە دەنگی خودی نوسەر و بەشێوەی دەنگیش بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٧دا فیلمێک بە هەمان ناو و بەسود وەرگرتن لەم ڕۆمانە بەرهەمهێنراوە. ئەم ڕۆمانە تا ئێستا بۆ چەندین زمانی دنیا لەوانە زمانی کوردیش وەرگێردراوە و ٨ ملیۆن دانەی لە زیاتر لە سی وڵات لێ فرۆشراوە. دووەمین ڕۆمانی ناوداری خالید حوسێنی (هەزار خۆری درەوشاوە)یە (A tnousand splendid) کە لانیکەم سێ حەفتە لەسەریەک وەکو پڕ فرۆشترین کتێبی ئەدەبیاتی داستانی بوو لە ئەمریکای باکور. خالید حوسێنی لە گوفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا سەبارەت بە ڕۆمانە نوێکەی وتبووی، کە ناوی ڕۆمانەکەی لە شعرێکی سائیب تەورێزی ( شاعیری سەدەی ١٧ی زایینی)یەوە وەرگرتوە. کە ئاماژەیە بۆ ئەم شیعرەی سائیب.